# گرتن و کوشتن و بریندار کردنی 225 کەس لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانی 89 دا

den 23. mars 2011 kl. 23:47 کوردستان وکورد

کوردستان و کورد نیوز: ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پیشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە کوردسان لە لایەن رێژیمەوە لە ماوەی 3 مانگی زستانی ساڵی 89 دا زیاتر لە 225 قوربانیی وەرگرتوە .

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان 30 کەس لە خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتانی کوردستانیان کوشتوە، کە 23 کەس لەو کوژراوانە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە راستەوخۆ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر دەسڕێژ و هەر لە ئاکامی ئەو زەبرو زەنگی و تەقەکردنی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی رێژیم لە کاسبکارانی کورد لانیکەم 14 کەس بریندار بوون.

فشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بۆ سەر کاسبکارانی کورد هەر بە کوژران و بریندار بوونی ئەو 37 کەسە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کورت ناکرێتەوە، لەو ماوەیەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمین دانانەوە لە سەر رێی کاسبکاران و تەقەکردن لە کاروانی کاسبکاران زیاتر لە جینایەتێکی سامناک و نامرۆڤانەدا دەیان سەر وڵاغی کاسبکارانیان کوشتوە، و زیاتر لە 100 سەری ئەو وڵاغانە بە تەقە لێکردن لە مەودای چەند میترییەوە کوژراون و مەبەستی هێزەکانی رێژیم لەو کارەش زەرەر پێگەیاندن بەو کاسبکارانە بووە کە لە ماڵ و سامانی دنیا هەر ئەو وڵاغانەیان شک بردوە تا بە بارکێشان پێیان بژیوی ماڵ و منداڵیانی پێ دابین بکەن.

جیا لەوەش هێزەکانی رێژیم لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دەستیان بە سەر سەدان باری کاسبکاران دا داگرتوە کە بە پێی بەراوردێکی سەرەتایی کاسبکاران خۆیان بایی زیاتر لە 800 میلیۆن تمەن بووە.

هەر بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بە ناوەندی هەواڵی " کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، لە ماوەی 3 مانگی زستانی ساڵی 89 دا لانیکەم 165 چالاکی مەدەنی و هاونیشتمانی کورد لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی قۆڵبەست کراون و لە نێو ئەو 165 کەسە دا 34 کەسیان دادگایی و حوکمی 6 ساڵ مانگ زیندان تا 20 ساڵ و شەش مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندکارانی کوردیشی هەڵ نەواردوە. لە ماوەی 3 مانگی زستانی ساڵی 89 دا دەیان خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ کومیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و حیراسەتی ئەو زانکۆیانە بانگ کراون و لە نێو ئەواندا لانیکەم 13 کەسیان سزای چەند نێرم بێبەش بوون لە خوێندن و دەرکران لە زانکۆ یان بەسەردا سەپاوە و 4 خوێندکاریش حوکمی 2 ساڵ زیندانیان بۆ پڕاوەتەوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی 3 مانگ زستانی ساڵی 89 دا دوو چالاکی سیاسیی کوردی لە سێدارەدا و حوکمی ئیعدامی لانیکەم بە سەر دوو چالاکی دیکەی کوردیش دا سەپاندوە.

شایانی باسە ئەو ئامارانە بە پێیێ ئەو زانیارییانە کۆ کراونەتەوە کە راستەوخۆ بە ناوەندی هەوالی "کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئاماری وردی و روونی پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لێرەدا باس کراوە.